# خودچالاکی لای مامۆستایانی زانکۆی کۆیە بەپێی هەندێک گۆڕاوی دیمۆگرافی

خالد إسماعیل مستەفا [1] جوان نوري رەسول [2] ئالان صلاح سعدی [3]

[1,2,3] بەشی پەروەردە و دەروونزانی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە خۆی لەدوو بەش دەبینێتەوە، ئامانجی گشتی توێژینەوەکە، کە بریتی یە لەزانینی ئاستی خودچالاکی مامۆستایانی زانکۆ، و ئامانجی تایبەتی کە بریتییە لە زانینی کاریگەریی جیاوازی ڕەگەز لەسەر ئاستەکەیان، ئینجا زانینی پەیوەندی خودچالاکی مامۆستایانی زانکۆ بۆ یەکێك لە گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی ڕاپرسی توێژینەوەکە، کەبریتییە لە گۆڕاوی بڕوانامە، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە گشتی و تایبەتیانەی توێژینەوەی بەردەست، ٧٢ مامۆستای زانکۆ بەشێوەیەکی هەڕەمەکی خۆبەخشانە بەشداریان کرد. بۆ کۆکردنەوی زانیاری توێژینەوەی بەردەست ڕاپرسیەکی ١٠ بڕگەیی وەرگیراو بەکارهات کە ٥ هەڵبژاردنی هەیە، لەبەرامبەر هەر بڕگەیەك بەشێوەیەکی یەکسانی ئاماژەی پێکرابو تاکو بەشداربو بەئاسانی بتوانێت ئەو وەڵامە هەڵبژێرێت کەلەگەڵ بۆچونی تایبەتی خۆی دەگونجێت، بۆ دڵنیایی بون لەبەهای ڕاستگۆیی و جێگیری ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە، ڕاپرسیەکە لەماوەیەکی کورتدا کە لەرۆژێك زیاتر نەبو بەسەر بەشێك لە نمونەی توێژینەوەکە دابەشکرا پاش کۆکردنەوەی ڕاپرسیەکان و دابەزاندنی بۆ سەر بەرنامەی ئاماری تایبەت، داتاکان شیکردنەوەیان بۆ ئەنجامدرا، پاشان دەرکەوت کە بەهاکەیان لەئاستێکی گونجاودایە بەمەش توێژینەوەکە بەردەوامی پێدرا بۆ دابەشکردن بەسەر نمونەی کۆتایی . پاش کۆکردنەوەی زانیاری لە نمونەی کۆتای توێژینەوەکە ئینجا شیکردنەوەیان بە بەرنامەی spss هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە تایبەتە بە بواری دەرونی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی، ئەنجامەکان دەریانخست کە ئاستی گشتی خودچالاکی پەروەردەیی مامۆستایانی زانکۆ لەئاستێکی بەرزدایە، بەڵام هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماریی لە ئاستی خودچالاکی مامۆستایان دەرنەکەوت لەنێوان هەردوو ڕەگەزی جیاوازی نێر ومێی بەشداربوانی توێژینەوەکە، هەرچەندە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بەوەدەکەن کە، ئاستی خودچالاکی ڕەگەزی مێ ئاستەکەیان بەرزتر بو بەڵام بەڵگەداری ئاماریی نەبوو. لەکۆتایی ئامانجە تایبەتیەکان دەریانخست کە پەیوەندییەکی نەرێنی لەنێوان بڕوانامە وئاستی خودچالاکی پەروەدەییان هەیە، واتە هەرچەندە بڕوانامە بەرزتر بێت ئاستی خودچالاکیان نزمترە، بەڵام ئەم پەیوەندییە لەئاستی بەڵگەداری ئاماریی نەبو. لەکۆتایی ولەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان چەندین پیشنیاز و ڕاسپاردە پێشکەشکران.

**وشە سەرەکییەکان:** خودچالاکی، دیموگرافی، زانکۆی کۆیە، مامۆستا، SPSS

## ١. پێشەکی

مامۆستا هۆکاری پێشکەوتنی ڕەوتی زانستیی پەروەردەیی هەر زانکۆیەکە، هەرچەندە مامۆستا بڕوای بەخۆی وتواناکانی پتر بێت ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاڕاستەی پێشوەچونی خودی زانکۆکەی دەبێت، جا چ لەڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و باشتر بێت، یان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی تاکەکان بێت. بەشێوەیەکی گشتی لە ئێستا جیهان بەرەوپێشچونێکی گەورەی بەخۆە بینیوە، کە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە، لە هەمو کایەو بوارەکاندا بەتایبەتیش لەبواری پەروەردەدا، کە مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی تیادا دەبینێت، ئەمەش لەبەر توانای مامۆستا و بڕوابونی بە کاراکردن وچالاککردنییەتی.

زانکۆ وەك ناوەندێکی ئەکادیمی بەرز و دامەزراوەیێکی کۆمەڵایەتی کارا، ڕۆڵی گرنگ لە کۆمەڵگەدا دەگێڕێت وکاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەری هەیە. بەرزی ئاستی زانستیی زانکۆ پێوەرێکی گرنگە بۆ نیشاندانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە، واتا هەرچەندە زانکۆ لەئاستێکی بەرزدابێت ئەوکۆمەڵگەیە لە ئاستێکی پێشکەوتویی بەرزدایە.

گرنگی توێژینەوە هاوچەرخەکان خودچالاکی پەرەوەردە لە ساڵی ١٩٨٦لەسەر دەستی باندۆرە دەستپێکرد. خودچالاکی پەروەردەیی بریتییە لەوباوەڕەی کە مامۆستایان سەبارەت بەتوانای وانەوتنەوەیان هەیانە (Morris، ٢٠١٧، ٤٤)، بەپێی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
بەرگی ٢، ژمارە ٢ (٢٠١٩)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٨ شوبات٢٠١٩؛ پەسەندکردن: ١٢کانوونی یەکەم ٢٠١٩
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٩ کانوونی یەکەم ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: jwan.nwri@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ خالد إسماعیل مستەفا، جوان نوري رەسول، ئالان صلاح سعدی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp87-93

بیرۆدزی زانەکی کۆمەڵایەتی (Social Cognitive Theory)، تاکەکان هەستی چالاکی وکارایی خۆیان پەرەپێدەدەن لەرێگەی چوار سەرچاوەی زانیارییەوە: تۆکمەکردن لەرێگەی ئەزمونەوە (جێبەجێکردنی ئەرکەکان)، ئەزمونی ناڕاستەخۆ (تێبینیکردنی ئەزمونی خەڵکانی تر و چاودێریکردنی پێشەنگەکانی کۆمەڵگا وخوێندنەوەی پەرتوك...هتد)، پەسەندکردنی زارەکی (وەرگرتنی پەیامەکان لەخەڵکانی تر)، دۆخی فیسیۆلۆجی و سۆزداری (فشاری دەرونی و ماندیبون، چەویز)، ئەم چوار سەرچاوەیە کاریگەرییان لەسەر کارابونی هەستی خودچالاکی هەیە (Bandur،١٩٩٧، ٣٣)، زانایەکی تر سەرچاوەیەکی تری زیادکرد و ناوی لێنا ئەزمونی وێناندن، مەبەست لە توانای هونەری وێناندنی چۆنیەتی رەفتاری خودە بەسەرکەوتویی، یان کارایی لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا (Maddux، ٢٠٠٥، ٨٨).

هۆکاری کەسی و رەوش رۆڵێکی گرنگ لە پەرەپێدانی توانستی فێربونی خود دەبینن، توێژینەوەکان سەلماندویانە کە ئەوماموستایانەی هەستێکی بەرزی چالاکی خودیان هەیە زیاتر دەرون تەندروست و چالاکترن لەو مامۆستایانەی گومانیان لە تواناکانی خۆیان هەیە. (Morris، ٢٠١٧، ٥٠).

خودچالاکی وەك چەمکێکی نوێ لەبواری دەرونزانیدا لەسەر دەستی باندۆرا هاتە کایەوە، خودچالاکی واتە ئەوتوانایەی کەلەتاکدا هەیە و بەکاری دەهێنێ، یان لەبوارێك، یان لەچەند بوارێك لەژیاندا بەگەڕی دەخات. ئایاخودچالاکی لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ چۆنە؟

## ١.١ کێشەی توێژینەوەکە

ئەوەی ئێستا تێبینی دەکرێت، کە هەرێم بەقۆناغێکی زۆر هەستیار و مێژویی رەتدەبێت، ئەویش گۆڕانی کێشەدار لە ژیانی تاکی کورد بەگشتی وبەتایبەتیش مامۆستا، بڕینی موچە و نائارامی و ناسەقامگیری، بایکۆتکردنی خوێندن و فشاری بەپارەکردنی خوێندن مامۆستای زۆر هەراسانکردوە، هەڵبەتە کە هەمو بونەتە فشار و بۆ دروستکردنی کێشە لەسەر کەسایەتی مامۆستا و رەهەندەکانی تری، ئەم فشارانە زۆرشت دەگرێتەوە، وەك خودچالاکی و سوتانەوەی دەرونی و پاڵنەری و...هتد، مامۆستاکان و هاوکارانی ئەم بوارە لەکۆبونەوەکانی خولاودا(اجتماعات دورية) ئاماژە بەبونی کێشەی خودچالاکی و پاڵنەری و گەرم وگوڕ ی دەکەن.

مامۆستا وەك ئەندامێکی کارا وسەرەکی زانستی لەناو زانکۆدا، کۆمەڵێك ئەرکی گرنگی لەسەرشانە، کەدەبێتە هۆی بەرەوپێشبردنی خوێندن، کە پێویستە سەرکەوتوانە ئەنجامیان بدات، چونکە نەبونی دەبێتە هۆی بۆشایی و رەنگە کێشەی گەورە بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێربون دروستببێت. بونی کێشە بۆ پرۆسەی خوێندن دەبێتە هۆی رێگر ی لەبەردەم پێشکەوتنی زانستی و ودابەزینی ئاستی، کە ئەمەش رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر خوێندکار جێدەهێڵێت، لەئاکامدا خوێندکاری بێتواناو کەم ئەزمون بەرهەم دەهێنێت، هەروەها دروستبونی کێشە لەبەردەم پێشکەوتن دەبێتە چەقبەستویی کۆمەڵگە. ئەوەی تێبینکراوە کەمامۆستایان لەگەڵ ئەو توانا زانستیانەی هەیانە، کەهەڵگری بڕوانامەی باڵان و زۆربەیان لە دەرەوەی وڵات بەدەستیانهێناوە، بەڵام بۆ کارکردن لەبواری پەروردەو فێرکردندا زۆر دەرفەت بەخۆیان نادەن. ئەگەر مامۆستا خۆدچالاکی کارا نەبێت، سەرکەوتو نابێت لە رەخساندنی کەشێکی ئارام و سۆزداری لەناو پۆلدا، کە ئەگەری دروستکردنی پشێوی وتێکچونی ژینگەی ناو پۆلی لێدەکرێت. ئەم کێشەیەش هۆکاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەوبو.

شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستایانی زانکۆ بە چالاکی و رێنمایی کردن وئاراستەکردنی خوێندکاران وپلاندانان رۆڵی گرنگی مامۆستایە (ابوشعیرە وغباری، ٢٠٠٨، ٢٢٢).

ئەو مامۆستایەی کە ئاستی خود چالاکی نزمە شێوازی مامەڵەکردنی لەناو پۆل بەو ئاراستەیە دەڕوات، کە ڕەفتاری سەربازیانە بێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی پاڵنەری نەرێنی لای خوێندکاران و کۆنترۆڵی ناو پۆل زۆر گرژ و نائارام دەبێ (Pajares،١٩٩٦، ١٧).

## ٢.١ گرنگی توێژینەوە

لە سی ساڵی رابردو گرنگییەکی زۆر لە بواری توێژینەوە پەروەردەییەکان بە خودچالاکی درا، وەك پاڵنەری بەدەستهێنانی خوێندن و خود رێکخستن بەتایبەتی لەسەر دەستی باندۆرە (Bandura،١٩٧٧، ٨٧)، هەروەها بە تایبەتی پەیوەندی خود چالاکی و هەڵبژاردنی پیشە، یان خوێندن، هەروەها خودچالاکی مامۆستا لە بواری وانە گوتنەوە لە پەروەردەکردنی خوێندکاران، خودچالاکی هۆکارێکی بەهێزی دیاریکردن و پێشبینیکردنی ئاستی ئەنجامدانە، کە تاك بە دەستی دەهێنێت، بۆیە باندۆرا جەخت لە سەر ئەوەدەکاتەوە کە بڕواکانی خود چالاکی تاك بەدیهێنەری هۆکارەکانی بەرێوەبردنی مرۆڤە، مامۆستاش وەك یەکێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا رۆڵێکی گرینگ و پیرۆز لە ناو زانکۆدا لە بەرەو پێش بردنی رەوتی خوێندن دەگێرێت، خود چالاکی مامۆستا کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر پرۆسەی فێربون و فێرکردن و چالاکییەکانی وانەوتنەوە وبەرێوەبردنی پۆل بەسەرکەوتویی هەیە، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیە گرنگی پێدەدەین خود چالاکی مامۆستایانی زانکۆیە، بەو پێیەی، کە زانکۆ وەکو دامەزراوەیەکی زانستی و رۆشنبیری بەرز لە کۆمەڵگەدا پێگەیەکی پتەوی لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا هەیە، مامۆستا وەك رەگەزێکی سەرەکی رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە ناو زانکۆدا بۆ بەرهەمهێنانی تاکێکی لێهاتو و شارەزا و ئامادەکردنی بۆ کۆمەڵگا و خزمەتکردنی وڵات ئەوەی لێرەدا گرنگە بڕوا بونە بە توانای خود لای مامۆستایانی زانکۆ، کە رەنگدانەوەیەکی گرنگی لەسەر بەرەوپێشبردنی رەوتی خوێندن لە زانکۆداهەیە، چونکە ئەگەر مامۆستا بڕوابون بە توانای خود بەرز بێت، ئەزموونێکی ئەرێنی بە خوێنکاران دەبەخشێت وهانی خوێندکاران دەدات بۆ زیاتر فێربون. پێویستە لەسەر مامۆستا کە لە هەوڵ و کۆششی بەردەوام دابێت، بۆ پێشکەشکردنی ئەو چالاکیانەی کە بۆ خوێنکاران جێبەجێیان دەکات. بێگومان ئەمەش دەگەرێتەوە سەر بیروباوەرو و پێگەیشتنی رەفتاری و هەوڵی مامۆستا لە روبەڕروبونەوەی ئەو ئاستەنگانەی کە دێنە بەردەمی بە تایبەتی لایەنی دەرونی و ئەو ژینگەیەی تێیدایە، چونکە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر خود چالاکی مامۆستا هەیە. ئەم توێژینەوەیە یارمەتیمان دەدات لەسەر ناسینی سروشتی خود چالاکی مامۆستایانی زانکۆ لە جێبەجێکردنی ئەرکی رۆژانەیان، هەروەها زانینی ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەی، کە روبەڕوی مامۆستایان دەبێتەوە، زانینی ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندیان بە خود چالاکی مامۆستایانی زانکۆ وە هەیە (عبدالجواد، ٢٠٠٦، ٨).

کاراترین تایبەتمەندی مامۆستا، بریتیە لە هەستی خودچالاکی، کە کاردەکاتە سەر رەفتاری خودی مامۆستا، و پاڵنەری لەسەر بەدەستهێنانی خوێندکار هەیە. خودچالاکی مامۆستا کاریگەریی لەسەر ئاست وبری ئەو پاڵنەرە هەیە، کەمامۆستا بۆ رەفتارەکانی وانەوتنەوە نیشانی دەدات (Finnegan، ٢٠١٣، ١١).

بزوێنەرو پاڵنەری سەرەکی بۆ بەرەو پێشچونی زانکۆ مامۆستایە، توێژینەوەکان دەریانخستوە، کە خودچالاکی لەمامۆستا هەرچەندە لەئاستێکی بەرزدابێت، دەبێتە هۆی دروستکردنی ژینگەیەکی ئەرێنی ناو پۆل، ئەمەش پاڵنەری بۆ فێربون لای خوێندکاران زیاد دەکات (Hoy & Woolfol،١٩٩٦، ٦) خودچالاکی مامامۆستایان کاردەکاتە سەر ئاستی سوتانەوەی دەرونیان (Burnout) و ئاستی

بەدەستهێنانی خوێندن (Schwarzer & Hallum، ٢٠٠٨، ٨٧). دەرکەوتوە کە پەیوەندیەکی بەڵگەداری ئاماریی نەرێنی لەنێوان خودچالاکی مامۆستا و سوتانەوەی دەرونیان هەیە (Savaş et al.، ٢٠١٤)، هەروەها پەیوەندیەکی ئەرێنی بەڵگەداری ئاماریی لەنێوان خودچالاکی مامۆستا و ڕازیبون لەپیشەهەیە (Emin et al.، ٢٠١٧).

خودچالاکی مامۆستا لەبواری وانەوتنەوە گرینگە بۆ سەرکەوتن لە خوێندن بەشێوەیەك، کە خوێندکار بە بەشداریپێکردنی لە خوێندن چالاك دەبێت، نزمی خودچالاکی مامۆستا کاردەکاتە سەر کارامەییەکانی خوێندکار بۆ نمونە لەبواری نوسیندا دەبێتە هۆی ترس لای خوێندکاران، ئەنجامی توێژینەوەکانی بواری خودچالاکی مامۆستا بۆ نوسین دەرکەوتووە کە نزمی خودچالاکی پەیوەندی نەرێنی بەڵگەداری ئاماریی لەسەر توانای نوسین هەیە (Lavelle،٢٠٠٦، ٩).

توێژینەوەکان دەریانخستوە کە خودچالاکی مامۆستا پێشبینیکارە بۆ زانینی چۆنیەتی کاراکردنی وانەوتنەوە و پەرەپێدانی توانای پیشەیی مامۆستایان (Kuusinen، ٢٠١٦، ٩٩) دەرکەوتوە، کە جیاوازی ڕەگەز کاریگەریی بەڵگەداری ئاماریی لەسەر ئاستی خودچالاکی مامۆستایان نییە ( Danga et al.، ٢٠١٥)، (Aurah & McConnell، ٢٠١٤). توێژینەوەیەك نیشانیداوە کە کاریگەریی ئەزمون و ئاستی مامۆستای بەئەزمون و کەم ئەزمون جیاوازە، لەبەرژەوەندی مامۆستای بەئەزمونە، واتە مامۆستای بەئەزمون ئاستێکی بەرزتری لەخودچالاکی وانەوتنەوە هەیە، بەڵام ئەم جیاوازیە لەئاستێکی بەڵگەداری ئاماریی نەبو (Shohani et al.، ٢٠١٥).

خودچالاکی کاریگەریی گەورەی لەسەر دیاریکردنی پاڵنەری و خودچالاکی مامۆستا لە بواری پەروەردە هەیە، هەروەها کاریگەریی لەسەردەستکەوتی خوێندن و خود ڕێکخستن بۆ فێربون لای خوێندکارانیش هەیە (Henson،٢٠٠١، ٤). پاڵنەری بۆ خوێندن ڕەهەندێکی بەرزی خودچالاکی مامۆستایانە (Skaalvik Skaalvik، ٢٠٠٧، ٣٢). خودچالاکی مامۆستا وا دەبینێت، کە بیروباوەڕو متانەی مامۆستا دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنی لەسەر فێربونی فیرخوازان هەبێت، ئەگەر هاتوو حەزو ئارەزوی، یان ئاستەمی فێربونیشی هەبێت (Passaro & Guskey، ١٩٩٤، ٥٥). خودچالاکی یەکێکە لەهۆکارە گرینگە ئەرێنییەکان بۆ هاندانی خوێندکار بۆ فێربون و تیوەگلانی (Pintrich & Linnenbrink ، ٢٠١٠، ٢١) خودچالاکی مامۆستا کاریگەریی ڕاستەوانەی لەسەر بەرزبونەوەی ئاستی بەدەستهێنانی خوێندنی هەیە (Caprara et al، ٢٠٠٦، ٣٦)

### ٣.١ ئامانجی توێژینەوە

١. ئامانجی گشتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی خود چالاکی گشتی مامۆستایانی زانکۆ.

٢. ئامانجی تایبەت:

**أ-** زانینی خودچالاکی مامۆستایانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی کاریگەریی ڕەگەز.

**ب-** زانینی پەیوەندی خودچالاکی مامۆستایانی زانکۆ وگۆڕاوی بڕوانامە.

### ٤.١ گریمانەی توێژینەوە

گریمانەی سفری١: هیچ جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لەسەر ئاستی ٠.٠٥ لەخودچالاکی مامۆستایانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز بەدی ناکرێت.

گریمانەی سفری٢: هیچ پەیوەندی بەڵگەداری ئاماریی لەسەر ئاستی٠.٠٥ لەنێوان خودچالاکی مامۆستایانی زانکۆ لەنێوان گۆڕاوی بڕوانامە بەدی ناکرێت.

### ٥.١ پێناسەی زاراوەکان

**خود چالاکی – الفعالیة الذاتیة (Self-Efficacy)**

بریتییە لە کۆمەڵێك بڕیاری تاك، کە گوزارشت لە بیروباوەڕو توانای دەکات لەڕێگەی ڕەفتارو بەهاکان دەردەکەوێت، لە بە دەستهێنانی ئەو شتە گرنگانەی کە لێی داوا کراوە. (Bandura،١٩٧٧، ٩٨). یان بریتییە لە هەڵسەنگاندنی تاکەکان بۆ توانای ڕێکخستن و ئەنجامدانی پێویست بۆ بەدەستهێنانی ئاستێکی سەرکەوتوانەی جێبەجێکردن (Bandura،١٩٨٦، ٩٠). بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین بڕوای تاکە سەبارەت بە تواناکانی خودی خۆی بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو. بەبۆچونی جەج و ئەوانیتر، چەمکی خودچالاکی نزیکە لە چەمکەکانی وەك ڕێزگرتن لەخود، شوێنی زاڵبون Locus of Control، دەمارگەری Neuroticism (Judge et al، ٢٠٠٢).

**خود چالاکی مامۆستا - الفعالیة الذاتیة للمعلم (Teacher Self-Efficacy)**

واتە بیروباوەڕی مامۆستایەکە بە تواناکانی بۆ دارشتنی پلان و ڕێکخستن و جێبەجێکردنی هەرچالاکییەك لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجێکی پەروەردەیی دیاریکراو (Skaalvik & Skaalvik، ٢٠١٠، ٧٦) (Tschannen-Moran، Hoy &Woolfolk-Hoy، ١٩٩٨). یان بریتییە لە بیرو باوەڕی مامۆستا بە توانای خۆی لە جێبەجێکردنی گرنگی وانەوتنەوە، کە کاریگەریی باشی لە فێرکردنی خوێندکارهەیە، بەلایەنی کەمەوە بۆ دروست کردنی پاڵنەرو وەڵامدانەوە لای خوێندکار، توانای هەیە بۆ کۆنترۆلکردنی ئەو هۆکارە ژینگەییانە کە کاریگەرییان لەسەر فێرکردنی خوێندکارهەیە (أبو العلا، ٢٠٠٤، ٤٤).

## ٢. چوارچێوەی بیردۆزی

### ١.٢ مێژوی سەرهەڵدانی چەمکی خودچالاکی

بۆ یەکەم جار زاراوەی چالاکی مامۆستا (Teacher Efficacy) لەلایەن ڕاند بەکارهاتوە (Armor et al.، ١٩٧٦، ٥٤)، بەڵام مێژوی دەرکەوتنی کارایی لەسەر دەستی باندورا بوە، باندورا کاتێك هاتە گۆڕەپانی زانست، کە ڕەفتارخوازەکان لە ئەمریکا بەسەر گۆڕەپانی دەرونزانیدا زاڵبون، باندورا ڕوانگەی خۆی پێشکەشکرد کە پێیوایە بەبێ لێکدانەوەی ناوەڕۆکی مرۆڤ (هزر- زانەك) ناتوانێت بەهیچ شێوەیەك ڕەفتاری مرۆڤ لێکبدرێتەوە، هەروەها ناتوانی پێشبینی ڕەفتاری مرۆڤ بکەی چ لەژێر کاریگەریی ژینگە، یان هزری، بۆیە زانەك، یان هزر، یان ناوەوەی مرۆڤ زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن، کە چۆن تاك بیردەکاتەوەو چۆن ڕەفتار دەکات، لەساڵانی حەفتاکان باندورا گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە پێکهاتێکی سەرەکی لەبیردۆزەکانی فێربون نادیارە تەنانەت بیردۆزەکەی خۆشی گرتەوە، کە بریتییە لە ( بیردۆزی فێربونی کۆمەڵایەتی)، دواجار باندورا لەساڵی ١٩٧٧ چەمکی خودچالاکی بڵاوکردەوە بۆڕێکخستنەوەی بیردۆزی ڕەفتاریی، بەندورا پێیوایە ئەو پێکهاتە بزرەی کە تاك داهێنان یان پەرەپێدانی پێ ئەنجام دەدات بریتییە لە توانای خودزانین -زانینی تواناکانی خود (Self-Perceptions of Capability)، ئەم چەمکە بو بە هۆکارێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان لای تاك بۆ بەردەوامبون و کۆنترۆڵکردن لەڕێگەیانەوە، دەتوانین ژینگە دەستەمۆ بکەین. باندورا لەساڵی ١٩٨٦ پەرتوکێکی بەناوی بیردۆزی زانەکی کۆمەڵایەتی پێشکەشکرد لەڕوانگەی ئەم بیردۆزەوە تاك خود ڕێکخەرە وچالاکە، پوختەی بیردۆزەکەی ئەمانەی سەرەوە باسمانکرد لەڕوانگەی ئەوباوەڕانەی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp87-93

كەتاك هەیەتی سەبارەت بە تواناكانی پێكهاتی سەرەكین كە بە رەگ و روی رەفتاری مرۆڤ و پاڵنەری دادەنرێن، دەتوانین لەرێگەی ئەو بڕیارانەی كە تاك سەبارەت بە تواناكانی خۆی هەیەتی زیاتر، یان باشتر پێشبینی رەفتارەكانی بكرێت نەك لەرێگای توانای ئەنجامدان.

بەم باوەڕەش دەگوترێت باوەڕی خودچالاكی كە یارمەتی تاك دەدات چیبكات لەگەڵ ئەو زانست و كارامەییانەی كە هەیەتی، بۆ نمونە: كاتێك خوێندكاران كێشەیان هەیە لەگەڵ بنەما سەرەكییەكانی كارامەیی زانستی فێربون كەڕاستەوخۆ پەیوەندی بەوباوەڕە هەیە، كە پێیوایە ناتوانێ بخوێنێتەوە، یان بنوسێت، یان باش بیربكاتەوە، بۆیە دەگوترێت توانای فێربونی نییە، كە لەڕاستیدا ئەمە شتێكی زانستی نییە، زۆربەی خوێندكاران كێشەیان لەقوتابخانەكان هەیە، هۆیەكەشی ناگەڕێتەوە لەبەر بێتوانایی ئەنجامدان و سەركەوتن، بەڵكو لەبەر نەبونی باوەڕی بە تواناكانیان، یان بۆ بەدەستهێنانی سەركەوتن دەگەڕێتەوە(Pajares،١٩٩٦، ١-١٠).

## ٢.٢ كاریگەری خودچالاكی

١- خودچالاكی لەچەند لایەكەوەكاریگەری لەسەر رەفتار هەیە:

أ. كاریگەری لەسەر هەڵبژاردن و رەفتاركردن هەیە.

ب. ئاستی ئەو هەوڵانە دیاری دەكات كەتاك بۆ ئەنجامدانی چالاكییەك پێویستییەتی، واتا چەندە هەستكردن بەخود چالاكی بەرزبێت هەوڵی زیاتر دەدرێت و بەردەوامی زیاتر دروست دەبێت.

ت. بڕ وئاستی دەربڕینی تەنگژەو دڵەڕاوكێ دەكەوێتە ژێر كاریگەری خود چالاكی.

٢- بەهێزی هەستكردن بە خود چالاكی بێسنورە بۆ بەهێزكردنی توانای ئەنجامدانی مرۆڤ، هەروەها لایەنی كەمەرانی تاك، بۆ نمونە : ئەو مرۆڤەی كەئاستێكی بەرزی خودچالاكی هەیە لەكاتی جێبەجێكردنی ئەركی قورسدا ئەركەكە دەبێتە هەتەر (تحدی) نەك بێتە هەرەشەیەك، تاكو لە ئەركەكە دوور بكەوێتەوە، لەژێر رۆشنایی ئەم دوخاڵەی سەرەوە خودچالاكی هۆكارێكی بەهێزی دیاریكردن و پێشبینیكردنی ئاستی ئەنجامدانە، كەتاك بەدەستی دەهێنێ، بۆیە باندۆرا جەخت لە سەر ئەوەدەكاتەوە، كە بڕواكانی خودچالاكی تاك بەدیهێنەری هۆكارەكانی بەڕێوەبردنیەتی (Pajares،١٩٩٦، ١٠-١١).

## ٣.٢ سەرچاوەكانی خودچالاكی

بۆ تێگەیشتن لە رۆڵی خودچالاكی لەسەر رەفتاری مرۆڤ چوار سەرچاوە هەیە، كە ئەمانەن:

**١- رەها كردنی ئەزمون (Mastery Experience)**

واتا سەركەوتن خودچالاكی بەرز دەكاتەوەو سەرنەكەوتن خودچالاكی دادەبەزێنێ، نم/ئەگەر خوێندكارێك نمرەیەكی بەرزی لە بابەتێك بەدەستهێنا ئەوا ئاستێكی بەهێزی هەستی بڕوابەخۆبونی لە توانستی بابەتەكەلا دروست دەبێت. باندۆرا پێیوایە ئەگەر ئەزمونەكان رەها بكرێن گەورەترین سەرچاوەی خودچالاكی لەهەمو بوارەكاندا دەبێت.

**٢- ئەزمونی ناڕاستەخۆ- التجربة الغیر المباشرة (Vicarious Experience)**

سەرچاوەی دووەمە بۆ خودچالاكی لەئەنجامی كاریگەری رەفتاری خەڵكانی ترەوە نزمترە لە ئاستی سەرچاوەی یەكەم، بەڵام كاریگەری زۆری هەیە، كاتێك تاك لە ئەنجامدانی ئەزمونێك لاوازە، چونكە كاتێك تاك دڵنیا نییە سەبارەت بەتواناكانی، یان ئەزمونێكی كەمی هەیە، ئەوا زۆر هەستیار دەبێت سەبارەت بەو ئەزمونە، ئەگەر ئەزمونێكی سەركەوتوی كەسانی تری دیت ئەوا دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ خود چالاكی.

**٣- ئەزمونی كۆمەڵایەتی (Social Persuasions)**

تاك دەتوانێت خودچالاكی دروستبكات، یان پەرەی پێبدات ئەویش لە ئەنجامی ئەو وروژێنەرە كۆمەڵایەتیانەی كە لە خەڵكانی دی وەریدەگرێت، ئەم سەرچاوەیە لەهەردو سەرچاوەكەی دیكە لاوازترە، بەڵام رۆڵێكی گرنگی لەگەشە پێدانی خودچالاكی تاك هەیە نم / هەمو مرۆڤێكی ئاسایی هەندێك شتی بەبیر دێتەوە كە بۆی كراوە، یان ئەنجامی داوە بۆ خەڵك لەكاتی منداڵیدا تا ئێستاش كاریگەری لەسەر بڕوا بەخۆبون هەیە.

**٤- دۆخی فیسیۆلۆجی (Physiological States)**

وەك دڵەڕاوكێ و فشارو وروژاندن و هەڵچون...هتد سەرچاوەیەكی خودچالاكین، چونكە تاك توانای لەسەر بیركردنەوە هەیە، بۆیە زۆر كاریگەرییانە كاردەكاتە سەر دۆخ فیسیۆلۆجیەكان بۆ نمونە: خەڵك حەز بەو ژینگەیە دەكەن كە خۆیان دروستی دەكەن، یان ئەگەر هاتو تاك ئەزمونێكی ترساوی لا دروست بو سەبارەت بە تواناكانی، ئەمەش كاردەكاتە سەر تەنگژەی دەرونی بەشێوەیەكی نەرێنی، بەشێوەیەكی گشتی وروژێنەری زۆر بەهێز لەوانەیە توانای ئەنجامدان لاواز بكات (Bandura، ١٩٧٧، ٩٠).

## ٤.٢ خودچالاكی لەنێوان مامۆستای كەم ئەزمون و مامۆستای بە ئەزمون

ئەنجامی توێژینەوەكان ئاماژە بە بەڵگەیەكی زۆر دەكەن، كە پەیوەندییەكی ئەرێنی لەنێوان خودچالاكی مامۆستا سەبارەت بەتواناكانیان لەسەر پاڵنەری خوێندكاران و بەدەستهێنانی خوێندن لە فێرگەكاندا هەیە، خودچالاكی مامۆستا پەیوەندی لەگەڵ رەفتارەكانی ناو پۆل و بەدەستهێنانی خوێندن و پاڵنەری هەیە، بەڵگەی كرداری زۆر هەیە، كە ئاماژە بە خود چالاكی مامۆستا دەكات لەسەر ئەو توانایەی كە مامۆستا بەكاری دەهێنێت لە وانە وتنەوەو هەوڵی زۆر دەدات، هەروەها دانانی ئامانج، ئەو مامۆستایەی كە خودچالاكە ئامانجی هەیە، هەروەها بەردەوامی لەسەر هەوڵدان ئەگەر تەگەرەی بێتە پێش وانە ناسرەوێ (Hoy،١٩٩٣، ٢٠).

ئەو هۆكارانەی كە بەشێوەیەكی نەرێنی كاردەكەنە سەر خودچالاكی مامۆستا:

١- لاوازی هەڵوێستی.

٢- كەمی موچە.

٣- پێنەزانین بە هەوڵەكانی (رێزنەگرتن لەهەوڵەكانی).

٤- سپاردنی ئەركێك لەسەروی توانای مامۆستا بێت.

٥- ناجێگیری دەرونی و كۆمەڵایەتی.

## ٥.٢ رۆشنبیری مامۆستا

پێویستە لەسەر مامۆستا كەوا كەسێكی رۆشنبیر بێت و رۆشنبیریەكی فراوان و گشتی هەبێت، بەو واتەیەی كە توانایەكی باشی لە زمانی نوسین هەبێت،هەروەها زمانێكی پاراوی هەبێت و شارەزاییەكی تەواوی لەو بابەتەی كە دەیڵێتەوە هەبێت، پێویستە شارەزاییەكی تەواوی لەرێگەو شێوازەكانی وانەوتنەوە وشارەزایی لایەنی دەرونی هەبێت، بۆئەوەی بەشێوەیەكی ورد ئاگاداری لایەنی دەرونی و كۆمەڵایەتی خوێندكاران بێت و دەبێت مامۆستا جیاوازی تاكایەتی خوێندكاران بناسێ بۆ ئەوەی هەر خوێندكارێك بەگوێرەی تواناو تێگەیشتنی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بكرێت (أسعد، ٢٠٠٥، ٣٢).

بەپێی بیردۆزی فێربونی كۆمەڵایەتی باندۆرا ئەو مامۆستایەی كەبڕوای وایە سەركەوتو نابێت لەگەڵ خوێندكارەكانی ئەوا هەوڵێكی كەمتر بەكاردەهێنێت بۆ

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp87-93

ئامادەکردنی خوێندکارەکان و وانەوتنەوە، هەروەها بەتایبەتی لەیەکەم ڕووبەڕووبونەوەی کێشەکانی (Bandura،١٩٨٦، ٣٥).

### ٦.٢ تایبەتیەکانی مامۆستای چالاك

مامۆستای چالاك و فێرکردنی چالاك ئەوەیە کەتوانایەکی باشی لە کرداری فێرکردن هەیە و خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندییە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- ناسینی پەیڕەو و ناوەڕۆك.
٢-تێگەیشتنی بۆ ئاستەکانی فێرخوازان و گەشەیان هەبێت.
٣-ڕێکخستنی پۆل بە ڕێگایەکی باش.
٤-گونجاندنی پەیڕەوەکە، کە گونجاوبێت لەگەڵ پێداویستییەکانی خوێندکاران.
٥-بەردەوام هانی خوێندکاران بدات.
٦-پلانی گونجاوی بۆ وانەکانی هەبێت، بە گوێرەی پێداویستییەکانی خوێندکاران بەشێوەیەك لە گەڵیان بگونجێت.
٧-ستراتیژیەتی جۆراو جۆری بۆ ڕاهێنان و مەشق پێکردنی فێرخوازان هەبێت.
٨-گونجاندنی وانەکە لەگەڵ هەر بارو دۆخێکی نەشیاو کە ڕوودەدات (أبو شعیرە وغباری، ٢٠٠٨، ٢١٩-٢٢٠).

### ٧.٢ مامۆستا وەك پاڵنەر

لەبیردۆزی زانەکی کۆمەڵایەتی بەندورا ورووژێنەرە دەرەکییەکان وەك سزاو پاڵپشتکردن کاردەکاتە سەر پاڵنەری خوێندنی خوێندکار نەك لەسەر فێربون (وەڵام)، بەواتەیەکی تر وروژێنەر نابێتە هۆی فێربون، بەڵکو دەبێتە هۆی دروستکردنی پاڵنەری، کەئەمەش کاردەکاتە سەر فێربون و بروابون بەتوانای خود بەرز دەکاتەوە (أبوجادو، ٢٠٠٥، ٢٠٦).
مامۆستا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە، لە دروستکردنی پاڵنەر بۆ فێرخوازان لەکرداری پەروەردەو فێرکردن بۆ ئەوەی ئامانجە دیاریکراوەکان بەدیبهێنێت بۆ ئەوەی ببێتە جوڵێنەر بۆ پێگەیاندن و ئاراستەکردنی فێرخوازەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە دیاریکراون بە دیبێنن، تاکو ئاستی پاڵنەری بەهێزتر بێت چالاکی کەسەکان بەپێی ئەو پاڵنەرەی کەبۆی دروست دەکرێت لەلای مامۆستاوە زیاتر دەبێت، دەبێت کاتێکی باشی بۆ چالاکییەکان بۆ دابین بکرێت تاکو ئامانجەکان بەدی بێن، گرینگترین شت بۆ دروستکردنی پاڵنەری بریتییە لە توانای مامۆستا بۆ دروستکردنی پاڵنەری لای خوێندکاران، ئارەزوی پاڵنەری بە هۆی دوو مەرج دروستدەبێت:

١- ئەوکەسانەی خودچالاکی بەرزیان هەیە، هەربیرو باوەڕو توانایەك ببێتە هۆی دەستکەوتی گرنگ بەشێوەیەکی سەرکەوتوو.
٢- ئەوکەسانەی کە دەتوانن هاوسەنگییەك بدۆزنەوە لەنێوان توانای خۆیان و بڕیاردان بەو شتانەی کەوا پەیوەستن پێیەوە (العلوان، ٢٠٠٩، ٣٥- ٣٦).

## ٣. ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە.

### ١.٣ کۆمەڵگای توێژینەوەکە

بریتییە لەسەرجەم مامۆستاکانی زانکۆی کۆیە کە زیاتر لە ٤٩٠ مامۆستا پێکدێن بۆساڵی خوێندنی ٢٠١٨.

### ٢.٣ نمونەی توێژینەوەکە

نمونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ٧٢ مامۆستا، کە بەهەڕەمەکی خۆبەخشانە بەشداریان کرد.

### ٣.٣ ئامرازی توێژینەوەکە

بۆ کۆکردنەوەی زانیاری وپێوانەکردنی ئاستی خودچالاکی پەروەردەیی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە ڕاپرسییەکی ١٠ برگەییە وەك خۆی بەکارهات ( Schwarzer et al. ،١٩٩٩)، لە بەرامبەر هەر برگەیەك (٥) هەڵبژاردن هەیە، برتین لە: (٥ هەمیشە، ٤ زۆر جار، ٣ هەندێك جار، ٢ بەدەگمەن، ١ هەرگیز).

### ٤.٣ ڕاستگۆیی (Validity)

ڕاستگۆیی زمانەوانی و ڕواڵەتی بۆ ڕاپرسیەکە ئەنجامدرا کە لەئاستێکی سەروی پەسەندکراوبو

### ٥.٣ جێگیری (Reliability)

لەڕێگای ئەلفا کرۆنباخەوە دەرکەوت ڕێژەیی جێگیریەکەی بریتییە لە (٠،٧١) کەئەمەش ڕێژەیەکی پەسەندە (Griethuijsen et al.، ٢٠١٤)

خشتەی ١
دەرخستنی جێگیری پێوانەکە

| ژمارەی برگەکان | ئەلفاکرۆنباخ |
|---|---|
| ١٠ | ٠.٧١٠ |

## ٤. دەرخستنی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

### ١.٤ وەڵامدانەوەی ئامانجەکان

**ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ئاستی خودچالاکی مامۆستایانی زانکۆ بەگشتی:**

ژمارەی نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٧٢) مامۆستا کە (٥٩) نێرو (١٣) مێیە، دوای دابەزاندنی زانیارییەکان بۆ بەرنامەی (SPSS) و بەکارهێنانی ئامرازی ئاماریی (Descriptive)، ناوەندی سەرجەم برگەکانی پێوەری خودچالاکی پەروەردەیی مامۆستایان (٤٠.٤)، لادانی پێوەریەکەی دەکاتە (٣.٨) بوو.
-بۆ زانینی ئاستی خودچالاکی لای مامۆستایانی زانکۆی کۆیە، بەبەکارهێنانی تەکنیکی ئاماریی خودبێژی (Descriptive Statistics) دەرکەوت ناوەندیژمێرەیی (M:٤.٤٠) ولادانی پێوەرەکەی (SD: ٨.٣)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئاستی خودچالاکی مامۆستایانی زانکۆ بەگشتی بەرزە).

خشتەی ٢
ئاستی خودچالاکی مامۆستایانی زانکۆ

| خودچالاکیمامۆستایانی زانکۆ | ژمارەی نمونە | ناوەندیژمێرەیی | لادانیپێوەری |
|---|---|---|---|
| | ٧٢ | ٤٠.٤ | ٣.٨ |

لەئەنجامی شیکردنەوەی زانیارییەکان بەپێی ئامانجی یەکەم دەرکەوت، کە خودچالاکی لای مامۆستایانی زانکۆی کۆیە بەشێوەیەکی گشتی بەرزە ( زۆرجار)، چونکە بەهای پێوەرەکە دەکاتە ( ٤.٠٤ )، توێژەران پێیانوایە کە بەرزی خودچالاکی مامۆستایانی

زانكۆ بەگشتی بۆ هۆكاری تەمەن دەگەڕێتەوە، واتە زۆربەی مامۆستاكانی بەشداربوی زانكـۆی كۆیـە تەمـەنیان لەنێـوان (٣٥-٤٠) سـاڵی دایـە، كەئەمـەش وادەكات مامۆستایانی زانكۆ هێزو توانایەكی زیاتریان هەبێت زیاتر بڕوایان بە توانای خۆیان هەبێت، بەواتایەكی تر خودچالاكیان بەرزە.

**ئامانجی دووەم: جیاوازی ڕەگەز لەسەر خودچالاكی مامۆستایانی زانكۆ**

ژمارەی نمونەی توێژینەوەكە بریتییە لە (٧٢) مامۆستا كە (٥٩) نێرو (١٣) مێیە، دوای دابەزاندنی وەڵامەكان بۆ بەرنامەی (SPSS) و بەكارهێنانی ئامرازی ئاماریی (Independent Sample Test)، ناوەنـدی ڕەگـەزی نێر دەكاتە (٤٠.٣٨)، لادانی پێوەری ڕەگەزی نێر دەكاتە (٣.٨٩)، ناوەندی ڕەگەزی مێ دەكاتە (٤٠.٤٦)، لادانی پێوەری دەكاتە (٣.٤٧). لەو خشتەیەی خوارەوە بۆمان دەردەكەوێت، كە جیاوازی بەڵگە داری ئاماریی لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ لەسەر ئاستی (٠،٠٥) لای مامۆستایانی زانكۆی كۆیە بەدی ناكرێت. هەرچەندە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ بەرزترە لەناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر، بەڵام جیاوازییەكە بەڵگەداری ئاماریی نییە.

خشتەی ٣

دەرخستنی جیاوازی ڕەگەز لەسەر خودچالاكی

| ڕەگەز | ژ. نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تایی | ئاستی بەڵگەداری ئاماریی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٥٩ | ٤٠.٣٨ | ٣.٨٩ | ٧٠ | -٠.٠٦١ | ٠.٩٥١ |
| مێ | ١٣ | ٤٠.٤٦ | ٣.٤٧ | | | بەڵگەداری ئاماریی نییە |

لەئەنجامی شیكردنەوەی زانیارییەكان بەپێی ئامانجی دووەم دەركەوت، كە ڕەگەز هیچ جیاوازییەكی بەڵگەداری ئامـاریی لەسـەر خودچـالاكی مامۆسـتایانی زانكـۆی كۆیـە بەدیناكرێت، چونكە ئاستی بەڵگەداری ئاماریی بریتییە لە (٠.٩٥١) توێژەر پێیوایە نەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لای مامۆسـتایانی زانكۆی كۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە مامۆسـتایانی نێرو مێ لەتەمەنـدا لەیەكەوە نـزیكن، لە ئاسـتی هـەوڵ و تێكۆشاندا بەرێژەیەكی زۆر لەیەكەوە نزیكن، توێژینەوەی (كاكیرۆغلۆ و هاوڕێكانی، ٢٠٠٥) دا دەركەوتووە، كە ڕەگەز هیچ جیاوازییەكی بەڵگەداری ئاماریی لەسـەر خودچالاكی لای مامۆستایانی زانكۆ نییە.

**ئامانجی سێیەم: پەیوەندی بڕوانامە بە خودچالاكی مامۆستایانی زانكۆ**

ژمارەی نمونەی توێژینەوەكە پێكهاتووە لە (٧٢) مامۆستای زانكۆ (٥٩ نێر، ١٣ مێ یە)، دوای داخلكردنی وەڵامەكان بۆ بەرنامەی (SPSS) و بـەكارهێنانی ئـامرازی ئاماریی (Pearson Correlation)، لەو خشتەیەی خوارەوە بۆمان دەردەكەوێت كە پەیوەنـدی بەلكـەداری ئامـاریی لەنێوان بڕوانامـەو خودچالاكی لەسـەر ئاسـتی (٠.٠٥) لای مامۆستایانی زانكۆی كۆیە بەدیناكرێت.

خشتەی ٤

ڕونكردنەوەی پەیوەندی بڕوانامە بە خودچالاكی مامۆستایانی زانكۆ

| | | |
|---|---|---|
| پەیوەندی بڕوانامە بە خودچالاكی لای مامۆستایانی زانكۆ | هاوپەیوەندی پیرسۆن | -٠.٠٧٠ |
| | بەڵگەداری ئاماریی | ٠.٥٥٩ |

لەئەنجامی شیكردنەوەی زانیارییەكان بەپێی ئامانجی سێیەم دەركەوت، كە گۆڕاوی بڕوانامە (ماستەر، دكتۆرا) هیچ پەیوەندییەكی بەڵگەداری ئاماریی لەسەر ئاستی (٠.٠٥) نییە، چونكەئاستی بەڵگەداری ئاماریی دەكاتە (٠.٥٥٩)، كەئەمەش ئەوە دەردەخات كە مامۆستایانی زانكۆ ئەگەر خاوەنی بڕوانامەی ماستەر، یان دكتۆرابن خودچالاكییان لەیەك ئاستدایە.

## ٥. پێشنیاز و ڕاسپاردە

### ١.٥ پێشنیارەكان

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەكە، ئەم پێشنیازانە دەخرێنە ڕو:

١. كۆمەڵگـەی توێژینەوەكـە فـراوانتر بكرێـت بەشـێوەیەك كە هـەمو زانكـۆكانی كوردستان بگرێتەوە بەهەردوو جۆری حكومی و تایبەت.

٢. نمونەی توێژینەوەكە زیاتر بكرێت.

٣. گـۆڕاوی زیاتـر لەخۆبگرێـت وەك سـوتانەوەی دەرونی و ڕازیبـون لەكار وەك گۆڕاوی پاشكۆ.

٤. توێژینەوەی درێژخایەن ساڵانە ئەنجام بدرێت.

### ٢.٥ ڕاسپاردە

وەك ئـەنجامی توێژینەكـە دەریخسـتوە كـە ئاسـتی خودچـالاكی مامۆسـتا بەهـەردوو ڕەگەزیەوە بەرزە، بۆیە لایەنی پەیوەندیدار دەبێت كار لەسەر هێشتنەوەی ئەم ئاستە بـەرزە لەنێـو مامۆسـتایانی زانكـۆدا بـكات، چونكـە كاریگـەریی زۆری لەسـەر بەرزركردنەوەی ئاستی بەدەستهێنانی خویندكاران هەیە، ئەمەش ئامانجی گشتی هەمو زانكۆیەكە.

## ٧. سەرچاوەكان


أبو العلا، مسعد (٢٠٠٤). الكفائة الذاتية للمعلم وعلاقتها بمفهوم الذات ومركز التحكم في ضوء متغيري الجنس والخبرة السابقة، مجلة التربية –كلية التربية جامعة اللازهر.

أبو شعيرة، خالد " غباري، ثائر (٢٠٠٥). علم النفس التربوي وتطبيقاتة الصفية، الطبعة الأولى، الاردن.

أبوجاد، صالح محمد على (٢٠٠٥). علم النفس التربوي، الطبعة الرابعة، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان الاردن.

أسعد، وليد (٢٠٠٥). الادارة الصفية، الطبعة الاولى، عمان.

عبد الجواد، أحمد سيد عبد الفتاح (٢٠٠٦). فعالية الذاتية الارشادية لدى ألاخصائي النفسي- المدرسي وعلاقتها ببعض عوامل المناخ المدرسي، كلية التربية جامعة الفيوم، قاهيرة، رسالة ماجستير منشورة.

العلوان، أحمد فلاح (٢٠٠٩). علم النفس التربوي تطوير المعلمين، الطبعة الاولى، كلية العلوم التربوية جامعة الحسين بن طلال، الاردن.

Armor, D., Conroy-Osefuera, P., Cox, M., King, N., McDonnell, L., Pascal, A., Pauly, E., & Zellman, G. (1978). Analysis of the school preferred reading programs in selected Los Angeles minority schools. Report no. R-2007-LAUSD. Santa Monica, CA: Rand (Eric Document reproduction service no: ED 130 243). retrieved on 8 Nov, 2016 at: https://files.eric.ed.gov/fulltext/ED130243.pdf

Aurah, C.M. & McConnell T.J. (2014). Comparative Study on Pre-Service Science Teachers' Self-Efficacy Beliefs of Teaching in Kenya and the United States of America; USA. American Journal of Educational Research, Vol. 2, No. 4, Pp. 233-239.

Maddux, J.E. (2005). Self-efficacy: The power of believing you can. In C.R: retrieved on 22 Sept, 2018, available on: http://www.des.emory.edu/mfp/self-efficacy.html

Morris, D. (2017). teaching Self-Efficacy: available on: http://education.oxfordre.com/view/10.1093/acrefore/9780190264093.001.0001/acrefore-9780190264093-e-86?print=pdf

Ozder, H. (2011). Self-Efficacy Beliefs of Novice Teachers and Their Performance in the Classroom. Australian Journal of Teacher Education Vol.36:5. Retrieved on 22 Sept, 2018 at on: http://ro.ecu.edu.au/ajte/vol36/iss5/1

Pajares,F. (1996). Self-efficacy beliefs in Academic settings.Review of Educational Research.

Savaş, A., Bozgeyik, Y., Eser, I. (2014), A Study on the Relationship between Teacher Self Efficacy and Burnout: European Journal of Educational Research, Vol. 3, No. 4, 159-166: Available on: https://files.eric.ed.gov/fulltext/EJ1085997.pdf

Schwarzer,R., Schmitz,G.S & Daytner,G.T.(1999). Teacher self-efficacay. Available at: http://userpage.fu-berlin.de/~health/teacher_se.htm

Shohania,S., Azizifara, A., Gowharya, H., and Jamalinesaria A. (2015). The Relatinship between Novice and Experienced Teachers’ Self Efficacy for Personal Teaching and External Influences. Procedia - Social and Behavioral Sciences Vol. 185. Pp. 446 – 452. Retrieved on 25 Sept. 2018 at: https://ac.els-cdn.com/S1877042815021503/1-s2.0-S1877042815021503-main.pdf?_tid=2d12efc4-663d-4476-9c8938dcecab8d4f&acdnat=1537951143_7eda2c55a3406cff8a53932c44630e52

Skaalvik, E, M & Skaalvik, S. (2010). Teacher self-efficacy and teacher burnout: A study of relations. Teaching and Teacher Education, 26(4), 1059-1069. Retrieved on 8 November 2018, Available on: www.researchgate.net/publication/222821947_Teacher_self-efficacy_and_teacher_burnout_A_study_of_relations_Teaching_and_Teacher_Education_264_1059-1069

Skaalvik, E. M., & Skaalvik, S. (2007). Dimensions of teacher self-efficacy and relations with strain factors, perceived collective teacher efficacy, and teacher burnout. Journal of Educational Psychology, 99(3), 611-625. Retrieved on 26 Sept, 2018 at: http://dx.doi.org/10.1037/0022-0663.99.3.611

Sylvester J. O. Odanga, S.J,. Raburu, P, A. and Aloka, p. j, (2015). Influence of Gender on Teachers’ Self-Efficacy in Secondary Schools of Kisumu County, Kenya. Retrieved on 25, Sep. 2018 at: https://www.researchgate.net/publication/309667990_Influence_of_Gender_on_Teachers'_SelfEfficacy_in_Secondary_Schools_in_Kisumu_County_Kenya

Tschannen-Moran, M., Woolfolk-Hoy, A., & Hoy, W.K. (1998). Teacher efficacy: Its meaning and measure. Review of Educational Research, vol. 68, Pp. 202-248. Retrieved on 25 Sept, 2018 at: http://mxtsch.people.wm.edu/Scholarship/RER_TeacherEfficacy.pdf

Türkoğlu1, M, E., Cansoy, R., Parlar, H. (2017). Examining Relationship between Teachers' Self-efficacy and Job Satisfaction. Universal Journal of Educational Research Vol. 5, No.5, 765-772. Available on: https://files.eric.ed.gov/fulltext/EJ1143895.pdf

Retrieved on 26 Sept. 2018 at http://pubs.sciepub.com/education/2/4/9

Bandura, A. (1986). Social foundations of thought and action: A social cognitive theory. Englewood Cliffs, NJ: Prentice Hall.

Bandura, A. (1995). Exercise of personal and collective efficacy in changing societies: Cambridge, U.K.: Cambridge University Press.

Bandura, A. (1997). Self-efficacy. The exercise of control. New York

Caprara, G. V., Barbaranelli, C., Steca, P., and Malone, P. S. (2006). Teachers' self-efficacy beliefs as determinants of job satisfaction and students' academic achievement: A study at the school level, Journal of School Psychology, Vol. 44:2 6, Pp. 473–490. Retrieved on 26 Sept. 2018 on: www.sciencedirect.com/science/article/pii/S0022440506000847

Elizabeth A. L & Paul R. P. (2003) The Role of Self-Efficacy Beliefs in Student Engagement and Learning In the classroom, Reading & Writing Quarterly, Vol. 19:2, Pp.119-137, DOI: 10.1080/10573560308223. Retrieved on 26 Sept, 2018 on: www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/10573560308223

Finnegan, R.S. (2013). Linking Teacher Self-Efficacy to Teacher Evaluations. Journal of Cross-Disciplinary Perspectives in Education Vol. 6, No. 1 Pp. 18 – 25. Retrieved on 23 Sept. 2018 at: https://pdfs.semanticscholar.org/6c63/2b28ee3ba138637fba69a3fb563bcabc7fcb.pdf

Griethuijsen, R. A. L. F., Eijck, M. W., Haste, H., Brok, P. J., Skinner, N. C., Mansour, N., Gencer, A. S., BouJaoude S. (2014). Global patterns in students’ views of science and interest in science. Research in Science Education, vol. 45(4), Pp. 581–603 https://doi.org/10.1007/s11165-014-9438-6

Guskey, T.R., & Passaro, P.D. (1994). Teacher efficacy: A study of construct dimensions. American Educational Research Journal, 31, 627-643 .

Henson ،R.K. (2001). Invited keynote address given at the annual of the Educational Research Exchange ،January 26,2001, Texas A&M university, college station ،Texas.

Hoy ،W. K & Woolfol K, A.E. (1993). Teacher s sense of Schools.The Elementary School Journal. Journal of Educational Psychology, Vol 99 .(3)

Judge, T. A., Erez, A., Bono, J. E., & Thoresen, C. J. (2002). Are measures of self-esteem, neuroticism, locus of control, and generalized self-efficacy indicators of a common core construct? Journal of Personality and Social Psychology, Vol.83:3 Pp. 693-710. Retrieved on 25 Sept, 2018: http://dx.doi.org/10.1037/0022-3514.83.3.693

Kuusinen, C, M. (2016). The Meaning and Measure of Teacher Self-Efficacy for Effective Classroom Teaching Practice:. A dissertation submitted in partial fulfillment of the requirements for the degree of Doctor of Philosophy (Education and Psychology) in The University of Michigan. Available at: https://deepblue.lib.umich.edu/bitstream/handle/2027.42/133219/ckuus_1.pdf?sequence=1&isAllowed=y

Lavelle ،E. (2005). Teachers’ Self-efficacy for Writing, Understanding teacher writing: Processes, outcomes and instructional strategies. USA. Available on: http://investigacion-psicopedagogica.org/revista/articulos/8/english/Art_8_88.pdf